کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

19-11-2007 21:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مەریوان نەقشبەندی هەڵە بەهەڵە چییەکان چارەسەردەکات ... جەمال فەتاح

لەسایتی درۆکاندا نامەیەکم بەر چاوکەوت کە لەلایەن بەڕێز مەریوان نەقشبەندی بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمەوە نوسرابوو بۆسایتی درۆکان، بەڕاستی ئەو نامەیە سەرسامی کردم کەچۆن ئەبێت کەسێک لەسەر حسێبی خوێنی هەزاران شەهید وئارەقەی نێوچاوانی هەزاران پێشمەرگە ئەو پلەیەی وەرگرتبێت بەڵام بێت ونامەیەکی پڕلەگومانی ئاوا بۆکەسانێک بنوسێت کەتاسەر مۆخ دوژمنی ڕێبازی شەهیدان وڕێبازی کوردایەتین کەڕێبازی پارتی وبارزانییە، تاسەر مۆخ دوژمنی هەموهێزی پێشمەرگەی کوردستانن، تاسەر مۆخ دوژمنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانن لەسەروی هەموانیشەوە جەنابی کاک مەسعود بارزانی کە باوەری بەهەزارانی وەک مەریوان نەقشبەندی کردووە یان بەخشیوە، لەسەروی هەموانیشەوە سوکایەتی لەڕادەبەدەریان بەسەرکردەی بزتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد جەنابی مستەفابارزانی کردووە، بێجگە لەوە تاکە خەباتگێڕێکی باشوری کوردستام نەماوە کە ئەو دەستە گومان لێکراوە سوکاتی پێنەکەن، کەچی کەسێکی وەک مەریوان نەقشبەندی بێت هەویەی دڵسۆزی وبەوێژدانیان بخاتەپاڵ، لێرەدا من لەمەریوان نەقشبەندی وهەر خوێنەرێکی بەویژدان دەپرسم کەسانێک سوکایەتی بەهەمو ئەو بەڕێزانەی سەرەوەو هەمو پیرۆزییەکانی نەتەوەی کورد بکات ئەبێت جگە لەدەستی دوژمنانی نەتەوەکەمان وئاگر خۆشکەرانی شەڕی براکوژی چی؟ناوێکیتریان لێبنرێت؟، بەبەرچاوی هەموماناەوەو هەمو خوێنەرانیشەوە ڕۆژانە لەم سایتە درۆزنە بۆگەنە گومانا ویەدا ئەبینین کەجگە لەجنێوو سوکاتی هیچیتر لەو سایتەدا نییە، کەواتە جەنابی کاک مەریوان نەقشبەندی جەنابت شەرعییەتت دا بەوکەسانەی کەڕۆژانە درۆ هەڵبەستراو بۆ سەرۆک مستەفا بارزانی هەڵئەبەستن وسوکایەتی بەبنەماڵەی پیرۆزی بارزانی وهەموسەرکردایەتی سیاسی کورد دەکەن، جا بەڕای من کار لەدو بەدەر نییە لەنووسینی ئەو نامە پڕلە ڕیاو ماستاوەتاندا یان ئەوتا خاوەنی هەڵەی زەقی لەژیانی خۆتداو ئەترسی باست بکەن یان ئەتەوێت هەڵەبەهەڵە چییەکان چارەسەر بکەیت، چونکە دەستەی نوسەرانی سایتی درۆکان هەڵەیانکردووەو لەسەریشی بەردەوامن جەنابیشت هەڵەی گەورەتر ئەکەیت کە پەسەندی هەڵەکانی ئەوانت کرد وبەدڵسۆزو بەڕێزو خاوەن هەڵوێستت ناوبردون، هەڵەش بەهەڵەچییەکان چارەسەر ناکرێت کاک مەریوان، لەکۆتایشدا ئەبێت جەنابت باشبزانیت کەهەموئەوانە دەبێت بێنە بەردەمی دادگای گەل ودادگایی بکرێن لەسەر ئەوهەمو هەڵەو درۆو تەشویهە کە بەشەخسی سەرۆک مستەفابارزانی وهەموکوردیان کردووە نەک بەنامەیەکی لەرزۆکی جەنابت بەخاوەن هەڵوێست وپارێزەرانی بەرژەوەندی کوردیان بشوبهێنێت، من وەک جەنابیشت موجەو بەرات وەرناگرم وتاسەر مۆخیش دژی کەندەڵی وگەندەڵکارم بەڵام وەک دژی گەندەڵکارەکانم دژی هەڵەی هەڵەکارەکانیشم، لەهەموشی سەیتر جەنابت داوات کردووە کەببیت بەپەیامنێری سایتی درۆکان ئەوانیش بەڕەحابەتی سەدرەوە قبوڵیان فەرمویت وئەرکی ئایندەی معالیتانیان دەست نیشانکردووە، یارەبی پیرۆزتانبێت.

لەهەموی سەیرتر جەنابت داوات لەو مهاتەرات چیانەکردووە کە هەر نوسینێک بەناوی خوازراو بوو بڵاوی نەکەنەوە، برا ئەبێت باش بزانی ئەو گومان لێکراوانە هەریەکی هەشت تانۆ ناوی خوازراویان هەیەو جگە لەناوەکانی خۆیان بەناوی مستەعارەوە ئەنوسن، ئەوە هەمو هەر ئەو پێنج نەفەرەن کە ئەوسایتە درۆزنە بەڕێوە دەبەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەکۆتاییدا ماوەی دووساڵە من بڕیارمدابوو کە وەڵامی هیچکەس نەدەمەوە بەڵام نامەکەی کاک مەریوان نەقشبەندی زۆر سەر سوڕ هێنەربوو بۆیە ناچاربووم بەم نامەکورتە ئاگاداری بکەمەوە..

لەندەن
2007/11/18

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.